**نامەیەكی كراوە.... ....**

- بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان جەنابی كاك مەسعود بارزانی
- بەڕێز سەرۆكی حكومەتی كوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی
- بەڕێز وەزیری داد/ حكومەتی هەرێمی كوردستان
- بەڕێزان لایەنە بەرپرسەكان لە كوردستان
- بەڕێز بەڕێوەبەرایەتی داد گای هەولێر /كەتنی هەولێر

**بابەت: سكاڵا نامە**

بەڕێزان سكاڵای خۆمان دەخەیەنە بەردەم ئێوەی بەڕێز. بەو هیوای بتوانن كە بەپێی یاسا بەرگریمان لێبكەن. وە مافی خۆمان بۆ بگەڕێننەوە لەو سوكایەتیەی كردوویانە پێمان، لەوهێرش و تۆمەتانەی خراوەتە پاڵمان. ئەمەش هەمووی لەئەنجامی هەڵوێستی مرۆدۆستیمان بوو لە كێشەی بەڕێز دكتۆر كەمال دا، كە بەداخەوە ئەو كاردانەوەیان هەبوو بەرامبەرمان، ئێمە پۆزەتیڤانە كارمان كرد و ئەوان بە نێگەتیڤانە بەرپەرچیان داینەوە.

ئێمە كە (هیوا قاسم) و (حەسەن سەید باقی) ، دانیشتوی ئەڵمانیاین، گەلێك كەس تۆمەتی پیاو كوشتن و تیرۆریستیان خستۆتە پاڵمان، گوایە ئێمە سەر بە دەزگای پاراستنین، هەمان كات تۆمەتی ئەوەش دەخەنە پاڵ ئەو دەزگایە. وە لە ژوورەكانی پاڵتالك دا بانگەواز دەكەن، و دەبێژن ئەگەر شتێك بەسەرمان هات ئەوا دەستی ئەم دوو كەسە، واتە (هیوا قاسم، حەسەن سەید باقی) هەروەها كەسانی تری لە پشتە كە ناویان بلاوكراوەتەوە لە ڕاگەیاندنێكدا بە زمانی فارسی هاتووەتە بلاوكردنەوە، هەروەها لە نووسینێكی تایەردا كە (هاو پێچ لەگەڵ ئەم نووسراوەدا) یە.

بە گەشتنی ئەم نامەیە بە ئێوەی بەڕێز بە سكاڵای فەرمی لێمان وەرگرن، لەگەڵ ڕێزماندا بۆ ئێوەی بەڕێز.

**ئەوانەش ئەم پرو پاگندەیە دەكەن:**

1- كەسێك بەناوی خوازراوەوە لە ژوورەكەیدا كورستان یونایتد كەسەرپەرشتكاری ژوورەكەیە، بەناوی بۆتین (botin1-1) بانگەواز دەكات، هێرشی ناڕەوا و تۆمەت دەبەخشێتەوە، هەروەك بەدەنگی خۆی لەم cd دا هاتووە. وا بزانین لە سدنی ئوسترالیایە.

2- كەسێكی تر بە ناوی (تایەر ساڵح شەریف) ، ناسراو بە تایەرە ڕەش. كە دانیشتوی كەنەدایە و ئەمە ناوونیشان و ژمارە تەلەفونی كۆنیەتی نازانین ماوە یان نا.

بەو هیوای بتوانن هاریكاریمان بكەن، لە ڕێگەی نوێنەرانی حكومەتی كوردستانەوە لەو وولاتانەدا. بۆ سەندنی مافی ئێمە لێیان وە بەدادگا گەیاندنیان، لە حاڵێكدا كە بێ بەڵگە بوون، كە ئێمە جەخت دەكەین وایە (واتە بە هیچ شێوەیەك) بەڵگەیان نیە، جگە لە تۆمەت و شكاندنی ئێمە نەبێت، با یاسا سەروەر بێت.

بژی مرۆڤ بژی مرۆڤایەتی

| | |
|---|---|
| داواكار | داوكار |
| هیوا قاسم | حەسەن سەید باقی |
| كوردێكی دانیشتووی ئەڵمانیا | كوردێكی دانیشتووی ئەڵمانیا |
| 2006 .02 .27 | 2006 .02 .27 |

1- ئەمە قسەكانی بۆتینە
2- نووسینەكانی تایەرە ڕەش